

# بووکەڵەی فرۆشی

**سادق چوبەک**
**لە فارسییەوە: قادر عەلی خا**
**(بۆکان)**

لە بیرەوەری هیچ کەسێکدا نەبوو کە لە پاییزدا بەفرێکی هێندە قورس و گران باری بێت و سەرمایەکی ئاوا بەسام، سەری هەڵدابێت.

دەمەو ئێوارەبوو، سۆزی سەرمایەکی تیژ و جەرگبڕ، بەر بووبووە پێست و ئێسقان و جەستەی مرۆڤەکان و بە دوای ئەویشدا بۆ ماوەیەکی کەم، هەورێکی سپی بەر بینگی بە ئاسمان گرت و وردە وردە ڕەش هەڵگەڕاو کەندولەندەکانی ئاسمانی پڕ کردەوە. هێشتا شەو بە تەواوی بە سەردا نەهاتبوو، شار لە ژێر پڵاسی بەفردا چاوی چوو بووە خەو.

کوڕەکە تووتکە سەگێکی خڕپنەی لە ئامێز گرتبوو، بە جووتە لە ئامێزی یەکتریدا لە دالآنی بەر دەرگای ماڵێکدا کە بانیژەیەک باڵی بەسەردا کێشابوو وێکڕا لە سەرمان هەڵدەرزین. لەبەر تەزووی سەرماکە هیچیان خەویان لێ نەکەوتبوو. تووتکەکە لە ئامێزی کوڕەکە دابوو، سەری کوڕەکەش کەوتبووە سەر پشتی تووتکەکە. ژێر ملی گەرمی تووتکەکە کەوتبووە سەر شانی کوڕەکە و قامکە تەزیوەکانی ئەویش خۆیان کردبوو بە نێو تووکەکانی ئەودا، بەسەر یەکدا گرمۆڵە بوون و کزکەیان کردبوو. هەر کە پۆلیسی چاودێری شەوانە، دەستە قورس و دەستکێش پۆشەکەی خۆی لەسەر شانی کوڕەکە دانا و ڕایوەشاند. کوڕەکە هەڵبەزییەوە و لە جێگاکەی خۆی دەرپەڕی و لە ژێڵـڵا و چاوی لە قەڵافەتی زەلام و داپێچراوی پۆلیسە کرد، کە وەک مۆتەکە بەسەر سەرییەوە قورسایی دەکرد. بەدەم تکا و پاڕانەوەوە گوتی: «بەڕێز بە خودا ئەمن هیچ تاوانێکم نەکردووە. هیچ شوێنێکم نەبوو هاتم لێرە خەوتم کە بەیانی زوو هەستم و وە شوێن کاری خۆم کەوم.»

«ئەوە چییە لە ئامێزت گرتووە؟». پۆلیسەکە ئەمەی گوت و هاڵاوە گەرمەکەی نێو دەمی کرد بە سەرو چاوی منداڵەکەدا.

«ئەوە هیچ نییە. تووتکە سەگێکە، دەمەویست بەیانی زوو بیبەم بیفرۆشم. دەڵێن حکوومەت سەگ دەکڕێتەوە. بە دوو دینار دەیکڕێتەوە».

«هەستە، هەستە برۆ بۆ قەبرستانێکی دیکە. دەی زووکە دایکێشەوەن بە لەبەر چاوم».

تووتکە سەگەکە بە تەکانێک خۆی لە ئامێزی خستە خوارێ. خەواڵوو بوو. بە لەرزە لەرز لەسەر بەفرەکە ڕاوەستا. بەفرە ئەستوورەکەی سەر شەقامەکە لەبن پێیدا خۆی ڕانەدەگرت و نەیدەتوانی جێگایەکی پتەو بۆ خۆی ببینێتەوە. لەسەر جێگاکەی خۆی ڕانەدەوەستاو هەر تاوەی خۆی دەدا بەسەر لاقێکیدا و خۆی ڕادەوەشاند و ئەو دڵۆپە ئاو بەفرەی پێوەی نووسا بوون لە خۆی دەتەکاند و دەیقوروسکاندەوە.

کوڕەکە ناوێکی تایبەت بە خۆی نەبوو، جەفحەر، جەواد، ئەکبەر، عەلی، بە تەواوی ئەم ناوانە بانگیان لێ دەکرد. لەبەر ئەوەی ڕەنگی تووکە سەر و برۆ و برژۆڵی کاڵێکی خورمایی و چاوی شین و پێستی سپی بوون. دەیانگوت دایکی ڕووسییە و باوکیشی سەربازێکی ئەمریکایی، یان ئینگلیزی، یان لەهستانی (پۆڵۆنیا)، یان ڕووسی سەردەمی شەڕ بووە. پێناسەی نەبوو، بەڵام لە نێو دەفتەری بەندیخانەدا نێوی بە حەسەن نووسرابوو، بۆیە خەڵکیش هەر بەم ناوە بانگیان لێ دەکرد. لە دزی و دەست پیسیدا چوختی و چالاک بوو. هاوتایەکی نەبوو، جاری وا هەبوو لە پڕ و لە ناکاو هەر ئەوەندەی مژ لە سیغارێک دەی، دەرگای ماڵێکی دەکردەوە و خۆی لە حەساری دەکوتا و هەر شتێکی بەر دەست کەوتبایە، هەڵی دەگرت و بۆی دەردەچوو. ماڵەکەی، یان لە بەندیخانە بوو، یان ئەوەی لە وەرزی زستاناندا دەچووە شاری ئەهواز و هاوینانیش دەهاتەوە تاران. لەو چاردە- پازدە ساڵەی کە لە تەمەنی تێپەڕی چاوی بە دایک و باب و کەس و کارێکی خۆی نەکەوتبوو. پۆلیسی شەو بە جێی هێشتن و ڕۆیشت. کوڕەکە هەندێک لە جێی خۆی جووڵا. هەموو لەشی دەتگوت کفتەی کوتراوە، داهێزرابوو. لەوەتی لە دایک بووبوو، ئەوەندەی بەفر نەدیبوو. وڵات تارایەکی سپی بەسەر خۆیدا دابوو.

«سەر لە ئێوارە دنیا چەندە ئارام بوو. نازانم چۆن بوو لە ناکاو ئەو هەموو بەفرە نیشتە سەر عەرزی! بڵێی ئەو کوڕانە ئێستا لە کوێ بن؟ دەبێ بە هەر شێوەیەک بێ بەیانی خۆم بگەیەنمە شەمەندەفەرەکە و خۆمی پێدا هەڵدەواسم و بچم بۆ ئەهواز. کێ دەیزانی بەم زوانە هەوا ئەوەندە سارد بێ».

سەر شەقامەکە چۆڵوهۆڵ بوو. چاوی لەو دەنکە بەفرانە دەکرد کە بە دەوروبەری گڵۆپەکانی کارەبادا دەهاتنە خوارێ. بەفر لەسەر تەلی کارەباکان کەوتبوو. سەر کۆڵەکەی کارەباکان وەک کەللە قەندیان لێ هاتبوو. بەفر لێواری شەقامەکان و چاڵ و چۆڵییەکان و سەر شەقامەکانی وەک یەک سپی کردبوو. بادەوە شەقام و دارە ڕووت و بێ پژوگەڵاکانی خستبووە سەما. هەموویان دەتگوت دەروێشن گەرم داگیرساون. کۆتەی ئەستووری چنارەکان بە بەفر ماڵە سواغ درابوون. سەرما و سۆڵی هەوا، ئازای ئەندامیان پڕ کردبوو لە چۆق و لەرز. چنگی زستان لێفەی هەتیوانی دراندبوو. لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی بە تەنیایی و بێ کەسوکاری دەکرد. تووتکە سەگەکەی، لە خوار پلیکانەکانەوە هەڵتووتا بوو، سەری شۆڕکردبووەوە و هەڵدەلەرزی و بۆنی بە عەرزەکەوە دەکرد.

لەشی لە نێو جلە کۆنە سەربازییەکانیدا شەپۆلێکی داو هەستاو لاقە تەزیوەکانی بە کێشی کرد و ملی ڕێی گرتەبەرو وەڕێ کەوت.

خۆشی نەیدەزانی بەرەو کوێ، بەڵام بەڕێ کەوت. وەک تەڵاشە دارێک خرابێتە ئامێزی چۆمێکی سەر شێتەوە. هەتا سەر چۆکی لە بەفرەکە ڕۆ دەچوو. بەفر سپیاوی بە ڕوخساری ڕەشی شەودا دەماڵی. کەوشە دەڵبوو هەراوەکانی کە لە تویوبی نێو تەگەری ماشێن ساز کرابوو، بە پێیەوە گیر نەدەبوون و لە پێی دا دەکەوت و لە نێو بەفرەکەدا بەجێ دەما. وەک مەست بەلادا دەهات و لە تری دەدا. شەقامە چۆڵوهۆڵەکە لە بەرانبەریدا زاری داپچڕیبوو. تووتکە سەگەکە بە شوێنیدا لە تری دەدا و بەلادا دەکەوت. تایەک لە کەوشەکانی لە نێو بەفرەکەدا بەجێما و گەڕاوە و دێتەوە و هەڵی گرتەوە و ئەوەی دیکەشیانی لە پێی داکەند و نایە بن هەنگڵی. ئاوای خۆشتر بوو. ئاسانتر بەڕێدا دەڕۆیی. ئیتر قامکەکانی لاقی سڕ بووبوون و هەستیان بە گزەی سەرماکە نەدەکرد. کەوتە هەڵاتن. سەر سەر و شان و پیلی لە بەفردا سپی هەڵگەڕابوون. هەر تاو ناتاوێک سەیارەیەک کە دەتگوت خەواڵووە بە لارە لارەوە و ناڵە ناڵ، خۆی بەسەر بەفرەکاندا بە کێش دەکردو دوور دەکەوتەوە. زگی خاڵی بوو. دڵی دەبووراوە. لەرز لە مۆرەغەی پشت و کەلەکەی گەڕابوو. لە برسان دڵی ئاوی دەکرد و دەیکێشا بە نێو چاویداو لەوانە بوو پەرۆش بکات. نێو دەمی تاڵ و

وشک و بۆنی لێ دەهات. نێــو دەمی بۆنی مـردووی لێ هەڵدەستا.

بەیانی، هەتاو خۆی ڕادەپسکاند هەتا خۆی لە دەست هەورەکان ڕزگار کات، بەڵام هەورەکان وەک شوورەیەکی ئەستوور ڕاوەستابوون و ڕێگایان پێ نەدەدا سەر بێنێتە دەرێ. جـار جـارە لە پەنای بلۆقی هەورەکـانەوە هەتاو دڵۆپە تیــشکێکی دەتکاندە ئەم دیو. بەفــر بە باوە دەباری. دەتگوت بە هێــڵــەکی دادەکــەی. تاق و لۆق خەڵک بەسەر شەقامەکاندا دەهاتن و دەچوون. داشقەکان و فەرغوونەکان و باسکیلەکان کەوتبوونە کۆڵانەکانەوە. تووتکە سەگەکە بە دوایدا هەڵدەهات و هەوڵی دەدا هەتا لە کـوڕەکـە بەجێ نەمـێنێ. گـەڕاوە و چاوی لێ کـردو گـوتی: «دەتبەم و دەتفرۆشم. دەیانەوێ دەرمانت بدەنێ و بتتۆپێنن. ئەتۆ زۆر لە من برسیتری. ئاخرییەکەی شتێک پەیدا دەکەم هەر دووکمان تێری پێ بخۆین.»

ڕاوەسـتـا و دیـسـان کـالەکـانی لە پێ کـردەوە و بەرێ کەوتەوە. دەسـتـەکانی لە بن باخەڵە گـەرمەکانی نابوو. کــووڕ بووبووەوە و دەلەرزی و ددانەکــانی بە یەکــتــری دەکەوتن و نێـو چاوانی گنجی تێ کـەوتبـوو. قـژە ڕەق و ئاڵۆزەکـەی بە نێـو چاوانیـدا هاتبـووە خـوارێ و بوو بە هەویر.

لەبەر دوکـانێکی سـەر و پێ فرۆشیـدا ڕاوەسـتـا، بۆنی چەور و خۆشی سەروپێ شێتیان کردبوو. چووە پێشێ و بە ترس و لەرز و شەرمەوە بە خاوەنەکەی گوت: «دەتەوێ ئەو بەفرانەی بەر دوکانەکەت بۆ باڵم؟. ئەگەر بێڵێک، یان وەر وەرەیەکت هەبێ هەر ئێــســـتـــا تەواوی ئەو بەفـرانەت بۆ دەکـەمـە نێـو جـۆگـەکـەوە». دەنگی گـڕو ئەستووری خاوەن دوکانەکە چرنووکی لە ئازای ئەندامی گـرت. هەتیـوە لاچۆ بڕۆ بە لای کـارتەوە. با دوو دینار پەیدا کەین.

کوڕەکە سەرلەنوێ گوتی: «ئەگەر وایە لەتە ئێسقانێکم بدەیێ و بیـدەم بە سـەگـەکـەم. بە خـاتری خـودا. زۆری برسییەیە». سەرو سەکتی تووتکەکە هەڵدەلەرزی و بۆنی سـەروپێـیـەکـەی هەڵدەمـژی و پەیتـا پەیتـا بە زمـانی لاشەویلکەی خۆی دەلستەوە. سەروپێ فرۆشەکە دەستی برد و لەسـەر مـەجۆعـمـەیەک ئێـسـقـانێکی لووس و بێ گۆشـتی هەڵگرت و فـڕێی دایە سـەر عـەرزە ساردەکـە. ئێسقانەکە وەک مار خۆی کرد بە نێو باخەڵی بەفرەکەدا. کوڕەکە و سەگەکە بە جووتە بە شوێن ئێسکەکەدا هەڵاتن و کوڕەکە خۆیدا بەسەر ئێسقانەکەدا و هەڵی گرتەوە و تووتکەکەش دەستی کرد بە لستنەوەی جێگاکەی. کوڕەکە ڕەپ ڕاوەسـتـاو دەسـتی کـرد بە لـستـنەوەی ئێـسـقـانەکـە. نێوەڕاستی ئێسقانەکە ڕەق و لووس و بێ تام و ویشک بوو، ددانەکـانی بەسـەریدا دەخـزین و هیـچـیـان وەبەر نەدەهات. ئەم سەرو ئەو سـەرەکـەی کـە شـوێنی جگەکـان بوون کون کون بوون و لەوێوە ئەو تاموبۆنە خۆشە ئارەزوو بزوێنەی لێ هەڵدەسـتـا. سـەری تووتکە کـە هەر بەم لاو ئەولادا دەسـووڕاو کـونەکـانی لە پەسـتـا چکۆلەو گـەورە دەبوونەوە و لیکاو بەلا شـەویلکەیدا دەهاتە خـوارێ و بە دەم تووزە تووزەوە کلکە سووتێی دەکرد. ددانە تیـژەکانی کوڕەکە چەند جێگایەکی ئێسقانەکەیان ڕووشاند. بڕێکی لستەوە و بۆنەکەی هەڵلووشی، پاشان بە ناقایلییەکەوە فـڕێی دایە بەردەمی سـەگـەکـە. کابرای سەروپێ فـرۆش لە پشت شووشەی دوکـانەکـەوە چاوی لێ کـردن و تەزبیـحـە چلکنەکەی دەگێڕا.

پاشان کـوڕەکـە سەری کێشا نێو ئەو نانەوایەی کە لە پەنـای سـەروپێ فـرۆشـیـیـەکـە دابـوو. ئەو نانە درێژانەی بەسـەر مێزی نانەواییەکەدا ڕاکشا بوون، دڵی کوڕەکەیان ختیلکە دەدا. کڵپە و گڕی بە تەوژمی نانەواییەکە ئەویان بەرەو لای خۆی بەکێش کرد. لەو شوێنە گـەرمـەوە بۆنی نانی تازە هەمـوو ولاتی داگرتبـوو. چەند دەنک لە خـیـز گـەرمانە لە تەرکی نانەواییەکە کەوتبوون، هەڵگرت و لە دەسـتـە سـاردوسڕەکـانی خـۆی هەڵسـوبوو. خـۆی کـووڕ کردبۆوە. شان و دەست و ددانی دەلەرزین. چاوە برسی و پڕ لە ئازارەکـانی بڕییە کـابرای نانەوا و هەمـوو ئەوانەی لەوێ لە چاوەڕوانی نانی تازەدا ڕاوەسـتـابوون و هیـچی نەدەگوت. چاوێکی بە عـەرزەکـەی دەوران دەوری خۆیدا گێڕا، تەنانەت وردە نانێکیشی لێ نەکەوتبوو هەتا هەڵی گرێتەوە و بێتە بەر ددانی. تەرکی دیوە کە پڕ بوو لە وردە خـیـزی گـەرم و ئەو لە سـەریان هەر تاوەی دەکـەوتە سـەر لاقێکیـان. بەرەو کابرای نانەوا بەرێ کەوت و بە دەنگی پڕ لە ترس و شـەرمـەوە گـوتی: «لە ڕێی خـودا پارووییەک نانم بدەیە بابیخۆم.»

نانەواکە خۆی لێ هەڵماساند و گوتی: «دەڕۆی لەبەر چاوم ون دەبی، یان سەری تێهەڵدانت دەخورێ؟

کوڕەکە دیسان گوتییەوە. «هەر پارووییەک نانم دەیتێ بیخۆم. هەر چەندەی پێت خۆشە لێم دە.»

نانەواکە خۆی ڕاپسکاند، هەتا چنگاوشی کوڕەکە بێ. کوڕە ترساو ڕای کـرد. لەبەردەم دوکانەکەدا تووتکەکەی کە خەریکی مڵو و مۆ بوو، چاوەڕوانی ئەوی دەکرد، هەر

کە چاوی بەو کەوت کەوتە کلکە سووتێ.
ماوەیەکی زۆر بە ڕێگادا ڕۆیشتبوو. لە چەند شەقام و بازاڕەوە تێپەڕیبوو. لەبەر برسییەتی هێزی هەنگاو هەڵێنانەوەی نەبوو. دوێ شەویش ماوەیەکی زۆر بە شوێن ناندا سووڕابۆوە و هیچی دەست نەکەوتبوو. لەبەردەم دەرگای ئارەق فرۆشییەکان و وێسگەی پاسەکاندا و گەڕابوو. داوای یارمەتی لە هەموو کەسێک کردبوو، هیچی دەست نەکەوتبوو. سەرەنجام هاتبوو خۆی خزاندبووەوە دالآنی دەرگای ئەو ماڵە و لەوێ لە ئامێزی سەرما و تووتکە سەگەکەیدا کەسیرە کەوتبوو. ئەو ئێستاش بە شوێن شتێکدا دەگەڕا هەتا ورگە قۆپاوەکەی پێ هەستێنێتەوە. گەدە نووستووەکەی پێ لە خەو هەستێنێ. هەروا کە دەستەکانی لە بن باخەڵی نابوو، سەری داخستبوو بە شوێن شتێکدا دەگەڕا هەتا بیخاتە بەر دڵی. پیاوێکی چوار شانەی قۆڵە خڕە خەریک بوو. لە سەر داشقەیەک بارەکانی دادەگرت.
بارەکەی سەوزی و میوەجات بوو. قەرتاڵەی پرتەقاڵ و سێو و تەلیسی سەوزی و کەلەم و کاهو و گێزەر و توورە ڕەشە. کوڕەکە لە لای داشقەکە هەندێک ڕاوەستا. چڵمەکەی کە هەتا سەر لێوی شۆڕ بووبوونەوە، هەڵ لووشییەوە و چاوەکانی وەک دوو چۆلەکەی سڕ لەسەر داشقەکەوە بازیان دەدا نێو دوکانەکەو لە دوکانەکەشدا بەسەر میوەکان تۆزێک هەڵدەکورمان و دیسان دەگەڕاوە و لەسەر داشقەکەو کابرا قەوی و قۆڵەکە دەنیشتەوە. لە کابراکە چووە پێشێ و گوتی: «کاکە یارمەتیت ناوێ؟ ئەگەر پێویستیت بە یارمەتییە ئەمن دەتوانم یارمەتیت بدەم.»
کابرا قەوی و قۆڵەکە هیچی نەگوت. قەڵس و تووڕە بوو، کاروانێکی دایە بن باخەڵی و بردی و لە نێو دوکانەکە دایناو گەڕایەوە لای داشقەکەی، کوڕەکە دیسان گوتییەوە. «کاکە منیش کەرەتێک بێنم؟»
لە ناکاو کابراکە پشتە ملی کوڕەی گرت و توند ڕێکی کوشی و فڕێی دایە سەر عەرزەکە. دەستەکانی کوڕەکە لە ژێر باخەڵەکانی هاتنە دەرێ و بە زگەوە کەوتە نێو بەفرەکە. تووتکەکەش لەبەردەمیدا کەوتە کلکە سووتێ و دەستێ کرد بە وەڕین. زۆر لە دوکانی میوە فرۆشییەکە دوورکەوتبووەوە. لە سەرەو ژووری شەقامێکی بە تاڵدا کۆمەڵێک خەڵک لە دەوری شتێک کۆزیلکەیان بەستبوو. کوڕە خۆی کوتا نێو کۆزیلکەکەوە و تێکەڵیان بوو. چاوی بە کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی کەوت کە لە نێوەڕاستی خەڵکەکەدا گرمۆڵە بووە و بە لادا کەوتووە و ئەژنۆکانی و دەستەکانی بە بەرزگییەوە ویشک هەڵاتبوون و چاوەکانی لە مۆڵەق وەستا بوون و لاقەکانی ڕووت و بێ پێڵاو بوون. بەفرەکە هەموو گیانی داپۆشیبوو. پۆلیسێکیش کە دوو هەشت لەسەر قۆڵەکانی دەمیان داچەقاندبوو لەوێ ڕاوەستابوو. ئامبولانسێکی سپی وەک چوری شیریش پزیشکی یاسایی لەوێ ڕاوەستابوو، شۆفیرەکەی بریانییەکی زەلامی گەرمی لە دەمی دەخنی و خەڵکیش کەوتبوونە هەرا و هەنگامە.
– «نەوەڵا کاکە خۆ دیارە ئەوە کەس نەیکوشتووە. لەبەر سەرما ڕەق هەڵاتووە.»
– «ئەوە خودا دەیزانی لەوانەیە لە شوێنێکی دیکە کوشتبێتیان و هێنابێتیان و لێرە فڕێیان دابێ.»
– «جا ئەوە کێیە لەگەڵ ئەم تولفارکەیە دوژمنایەتی هەبێ؟»
– «خودا کاکە خودا، جندۆکەی وایان تێدایە ئەمانە. هەر خودا بۆ خۆی باشیان دەناسێ.»
– «کاکە ئەگەر دەتانەوێ جارێ بەم زووانە ڕاینەگوێزن ئاوا نابێ. با هەڵی گرین و ڕوو بە قیبلە درێژی کەین.»
– دەی کاکە دەی ئاوا نابێ. بەرماڵێک شتێک بدەن بە سەریدا با سەرمای نەبێ.»
– «لەوانەیە هێشتا گیانی تێدا مابێ.»
– «ئەرێ بە سەری تۆ. ئەوە هەر لە ئێستاوە کرمەکان خەریکن دەیخۆن.»
– «ئەوە زۆر لە مێژە گیانی تێدا نەماوە. هەر نیوەشەو لەگەڵ ئیزراییل دیدار و چاوپێکەوتنیان کردووە.»
– «دوای ئەوەی مردووە و دەبێ بزانرێ کێیە و کێ نییە.»
– «ناسینەوەی چی کاکە. ئەوە خۆی هاوار دەکا بێ کەس و کارە.»
– پۆلیسەکە هاواری کرد. «کاکە چۆڵی کەن.کەس لێرە ڕانەوەستێ. هیچ کەس نەبوو بیناسێتەوە.»
لە دەوروبەری مردووەکە هەندێک قەرەپووڵ لەم لاو ئەولای کەوتبوون. یەک یەک و دوو دووش لەم لاو ئەو لاوە وردە پووڵیان بەرەو تەرمەکە فڕێ دەدا. کوڕەکە چووە سەر تەرمەکەو هەندێک ڕاوەستاو چاوی لە تەرمەکە بڕی، پاشان لەسەر عەرزەکە هەڵترووشکاو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی وردە پووڵەکان. تووتکە سەگەکە چووە سەرتەرمەکەو بڕێک بۆنی پێوە کرد و دەستی کرد بە بەستنەوەی سەروچاوی. پۆلیسەکە شەپێکی توندی

سرەواندە لاقەپرغەی تووتکە سەگەکە و فڕێیدایە ئەو لاوە. سەگەکە قوروسکەی لێ هەستاو خۆی کرد بەنێو خەڵکەکەدا.

پاشان پۆلیسەکە گوێچکەی کوڕەکەی گرت و لەسەر عەرزەکە هەڵی ستاندو گوتی: «تۆ کێی؟ ئەو قەرەپوولانە بۆ هەڵدەگریتەوە.» کوڕەکەش لە وەڵامدا گوتی: «هیچ کارەیەو چارەڕەش و برسیبە و دەیەوێ بەو پوولانە پاروە نانێک بکڕێ و ئەو مردووە هاوڕێیەتی و دەیناسێ و ناوی عەباس پلێنگ بووەو لات و بێکارە و بەرەڵڵایەک بووە.»

پۆلیسەکە پڕی دایە قۆڵی و پوولەکانی لە مستی دەرهێنا و هەڵی ڕژاندنەوە سەر عەرزەکە و دایە پێش خۆی و بردی بۆ دایرەی پۆلیس و تووتکە سەگەکەش بە ترەلیلان بە دوایاندا هەڵدەهات. دەمەو ئێوارە کاتێک لە دایرەی پۆلیس هاتە دەرێ دیسان هەر بەفر دەبارێ. چاوی بە شوێن تووتکەکەیدا گێڕا، نەیدی. بۆی بە پەرۆش بوو. باری قورسی خەم و برسیبەتی نیشتبوونە دەروونی و چنگیان لە دڵی دەخست.

نیوەڕۆ لە نێو دایرەی پۆلیس بە چاوی خۆی دیتبووی کە مەجۆعمەیەک پڕ لە برنج و کەباب و دۆ و نان و پیواز و سەوزە، یان بۆ ئەفسەری نگابان هێنابوو، ئەویش دانیشتبوو لەبەر چاوی ئەو لێیسیدابوو. ئەویش زەق زەق چاوی لێ کردبوو. بەرماوەکەی کە چەند لەتە نانێک و کەمێک وردە پیواز بوو لەسەر مەجۆعمەکە مابووەوە شاگردی قاوەخانەکە هاتبوو وەک داڵ هەڵی گرتبوو لەگەڵ خۆی بردبووی. هەموو گیانی ئەویش نیشتبووە سەر ئارەقە، گەرووی ویشک هەڵاتبوو سەری لە گێژەوە هاتبوو. ئێستاش ئەوە برسیبەتی هەموو لەشی خستبووە مێلوورە و نێو زگی بە تاڵ و چاوەکانی لە ڕەشەوە دەهاتن. لە ترێکی دا و بە لادا کەوت و لەبەر خۆیەوە گوتی: «هەتا لە برسان نەمردووم بڕۆم شتێک پەیدا کەم بیخۆم. پیاو دەبێ زۆر دەستەوەستان بێ، هەتا شارێکی ئاوا گەورە و زەلامدا لە برسان بمرێ، بەڵام ڕوو لە کوێ کەم؟ لەم شارەدا کێم هەیە هەتا پەنای بۆ بەرم؟ با بڕۆم هەتا لە ماڵێکی پەردا شتێک بفڕێنم و بیفرۆشم، ئەگەر ئەمڕۆش شتێک وەچەنگ نەخەم، دەبێ وەک عەباس لاقەکانم جووت کەم. ئەگەر بشمگرن، لانی کەم زیندان هەم گەرمترە و هەم شتێکیشم دەست دەکەوێ بیخۆم هەتا لە برسان نەمرم. دیسانەوە دەستەکانی بردنەوە بن هەنگڵی و کووڕ بووەوە و لەرز و نۆبەتی چنگیان خستە لەشیەوە و دەنگی قۆڕە قۆڕ لە زگییەوە هەستا.

لە سەر شەقامەکەوە بەرەو کۆڵانێکی تەریک نە شارەزا ملی ڕێی گرت و خۆی تێ ڕووکرد. چاوی بەدار و دیوارەکاندا دەگێڕا و تاو تاوێک دەگەڕاوە و گورگاوڕێکی لە پشتە سەری دەداوە. کۆڵانەکە چۆڵوهۆڵ بوو. هەر کەسێک دەردەکەوت بە دیتنی بێزار دەبوو. لاقەکانی هێزی ڕۆیشتنیان تێدا نەدەما، لە دڵەوە دەیناڵاند. لە مرۆڤ دەترسا.

گەیشتە بازاڕێکی چکۆڵەی سەرداتەپیو. پڕ بوو لە دوکانی نانەوایی و کەبابی و وردە فرۆشی، دەمەو ئێوارە بوو جەنگەی کاروسپیان. هاڵاوی گەرم و شیرینی بریانی، لە سەر مەجۆعمەی بریانی فرۆشێک هەڵدەستا و بنی زمانی ختیلکە دەداو پڕ دەمیان کرد لەئاو، بەڵام ئەوەی شێتی کردبوو، بۆنی کەبابەکان بوو! هەورێکی چەور و خەست لە دووکەڵی کەبابییەکە هەڵدەستا و وڵاتی داگرتبوو. کوڕەکە هەتا ئەو جێگایەی دەیتوانی و زگی دەیبرد. بۆنەکەی هەڵمژی، چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو و زمانە چکۆڵەی بن گەرووی ختیلکەدا و لیک بەلا لێوەکانیدا قەڵبەزەی کردو هاتە خوارێ.

شاگردی کەبابچییەکە لە پشت مەنقەڵییەکەوە کەبابەکانی باوەشێن دەکرد. نێو دوکانەکە قەرەباڵغ بوو، هەر جمەی دەهات. پارووی چەور نەرم و گەرم گووپی مشتەرییەکانی هەڵماساندبوو. ئەوەش بۆ خۆی داخێکی دیکەی بەدڵی کوڕەکەوە دەچزاند. چووە پێشێ و سەری بەسەر مەنقەڵییەکە داگرت و دووکەڵ و هەڵمە گەرم و چەورەکەی هەڵمژی.

شاگردی کەبابییەکە بە گاڵتە و پێکەنینەوە گوتی: «دوورکەوە ڕۆڵە، کەر داغ دەکەن؟ لە بازاڕچەکە دوورکەوتەوە و ڕووی کردە کۆڵانێکی چەپەک و کەوتە پیاسە کردن. دیسان چاوی بە دار و دیواری کۆڵانەکەدا گێڕاو دیسان هەر سێبەری کەسێک دەردەکەوت ئەو زراوی دەچوو. هێشتا هەر بۆنی هەڵمی کەبابەکەی لێ دەهات. «ئەگەر ئەوانە شیشێک کەباب و نانێکیان بداماێ ئاسمان لە عەرزی دەکەوت، خودا نەناسانە، بۆ، یانی ئێمە مانان هەر بەشەر نین؟»

خۆی کرد بە کۆڵانێکی کورت و چۆڵدا، کۆڵکەیەکی سیمانیان لە نێرینەی کۆڵانەکەدا چەقاندبوو، گڵۆپێکی زەردەڵەی لاوازی پێوە هەڵواسرا بوو. بەفر چنگی لەسەر شان و پیلی گیر کردبوو، تەواو کەسیرەی کردبوو. کەس لە نێو کۆڵانەکەدا نەبوو. ماڵەکان لە پاڵ یەکتریدا بە

عەرزەکەوە دادوورابوون.

لە ماڵێکیان چووە پێشێ. بە پارێزەوە سەری وەرسووڕاند و ئاورێکی لە پشتە سەری داوەو بە ئارامی پاڵی بە دەرکەکەوە نا. دەرگاکە گاڵە درابوو، جووڵەی نەکرد. زوو گەڕاوە بۆ نێوەڕاستی کۆڵانەکەو چاوی لە پەنجەرەکانی ماڵەکە کرد. ماڵەکە کپ و بێدەنگ بوو، هیچ شەوقێک لە پەنجەرەکانەوە نەدەڕژایە دەرێ، «ئای داخەکەم. بریا عەباس ئێستا زیندوو بوایە. ئەم ماڵە تاریکانە بابەتی کاری ئێمە بوون. کاری تەنیایی نییە. دەبێ یەکێک هەست ڕاگرێ و یەکێکی دیکە بچێتە ژوورەوە.»

پاشان دەرگای ماڵێکی دیکەی تاقی کردەوە، ئەویش توندوتۆڵ گاڵە درابوو. ئەو دەرگایەی بەجێ هێشت و پاڵی بە دەرگایەکی دیکەوەنا. تڵیشی دەرگاکە لە بەریەک ڕەویەوە و شەوقی کاڵی کۆڵانەکە خزایە نێو دالانە تەنگ و تاریکەکە. ترووسکەی هیوایەک لەدڵە تاریک و تنۆکەکەی گەڕا. گەرمایەک ڕژایە نێو لەشیەوە و نێو چاوانی سوور هەڵگەڕا. داڵی برسییەتی باڵی بەسەر دڵەکوتێکەیدا گرتبوو. لە نێو دیوەکەوە دەنگی ڕادیۆکە دەهات. چاوەکانی بە پەلەپەل ترووکاند، هەتا بە تاریکیی دالانەکە ڕابێ، دالانەکە هیچی تێدا نەبوو. هیچیشی لێ ڕانەخرابوو. لە دیوارەکەدا بە شوێن جلوبەرگی هەڵواسراودا چاوی گێڕا، بەڵام دیوارەکە سپی و لووس و ڕووت بوو. «هەک بەڵایەکی خێو بەوە. پاتۆڵێکی نوێشیان بە دیوارەکەوە هەڵنەواسیوە. ئەمشەو وادیارە باشم بۆ نایە». جووتێک کەوشی سەرپایی شەقوشڕ لەبەر دەرگاکە باوێشکیان دەدا و دەمەدا چەقێیان پێ کەوتبوو.

لە قوژبنێکی دالانەکەدا بووکەڵەیەکیان بە دیوارەکەوە هەڵواسیبوو چاوی لە دەرگای حەوشەکە بریبوو. بێ ڕاوەستان، وەک پشیلەیەک خزایە نێو دالانەکە و بووکەڵەی هەڵگرت، بووکەڵە دەتگوت پووشە، سووک بوو، جلیشی لەبەردا بوو. لە سنگی توند کرد و بەرەو دەرگای دەرێ گەڕاوە. لە ناکاو بووکەڵەکە هاواری لێ هەستا. «پاپا، ماما».

برووسکەیەک بە مۆرەغەی پشتی کوڕەکەدا تێپەڕی و ژانێکی جەرگبڕ نووکی زمانی تەزاند. ویستی بووکەڵەکە فڕێ داو هەڵێ. ئەو کاتە گەیشتبووە نێوەڕاستی کۆڵانەکە، هەمیسان بووکەڵە سەرلەنوێ گوتییەوە. «پاپا، ماما» ئەویش هەتا هێز لە لاقەکانی دابوو. بۆی دەرچوو. هەر بە هەڵاتن لە کۆڵانەکەوە تێدەپەڕی و ماوەیەکیش بەسەر شەقامەکەدا هەڵات، پاشان خۆی کوتا بن میچی بانێژەیەک و ڕاوەستا و دەستی کرد بە پشکنینی بووکەڵەکە. بووکەڵەکە لە لایلۆن سازکرابوو. منداڵێکی کوڵمە سووری گووپن بوو، جلوبەرگیان لەبەر کردبوو قژێکی زەردی زێڕین ڕژابوو بەسەر نێوچاوانی و برژۆڵی درێژ و ڕەش بوون و چاوە شیشەکانی لە هات و چۆدا بوون و بە بزەیەکی شیرینەوە لێوەکانی پڕ بوون لە گەرای پێکەنین و دوو ددانی سپی و جوان وەک ددانی کەروێشک لە بەینی لێوەکانییەوە سەریان دەرهێنا بوو. کوڕەکە دەستی بە سەروپرچی بووکەڵەکە داهێنا. چاوی لە لاق و دەستەکانی کرد. هەستی کرد خۆشی دەوێ. هەموو گیانی ڕێک دەگوشی. دەیویست بزانێ ئەو دەنگەی لە کوێوە دێ. سەری بادا دیتی دەسوورێ و چاوی لە شان و پشتەملی کرد. دەستی بە برژۆڵەکانی داهێنا. هەر کە دەستی نا بەسەر سنگیدا و ڕێک گوشی، لە ناکاو بووکەڵەکە گوتی: «پاپا، ماما». دیسان سەر سنگی ڕێک گوشییەوە و سەرلەنوێ بووکەڵەکە گوتییەوە. «پاپاماما». کوڕەکە کشایەوە. «بڵێی بە چەندم لێ بکڕن؟» دە دینار؟ قسەش دەکات! ئەتۆ قسەش دەکەی؟ دەڵێی چی؟ پاپا یانی چی؟ ماما یانی چی؟ بێجگە لەوانە شتێکی دیکەش دەزانی؟ دیسان قسەم بۆ بکەوە، ئەمرۆ چت خواردووە؟ ئەتۆ کە قسە دەکەی، ئەتۆ کە دەخەوی، دەبێ شتێکیش بخۆی. دیسانەکە سنگی ڕێک کوشییەوە. بووکەڵەی دابووە بن هەنگڵی «وا چاکە بڕۆم بەرەو ئەو شەقامانەی سەرەوەی شار، لەوێ بە نرخێکی باشتر لێم دەکڕن.»

پیاوێکی بە تەمەن کە سەری لە نێو ملیوانە ئەستوورەکەی کۆتەکەی حەشاردابوو. چەترێکی کردبووە سایبانی سەری، لووتی تەقی بە لووتییەوە. «کاکە ئەو بووکەڵەم دەفرۆشم لێم ناکڕی؟» کابراکە هەر سەریشی لە نێو ملیوانی کراسەکەی نەهێنا دەرێ. زمانی لە نێو دەمیدا کلیلەی بەست. سێبەرەکانیان کەوتە سەر یەک، پاشان لەبەر یەک ڕەوینەوەو هەر یەکەی بە لایەکدا خوشین.

کوڕەکە بە پێش ریزە دوکانێکدا تێپەڕی. دەرگای دوکانێکیانی کردەوە و گوتی: «بووکەڵەیەکم بۆ فرۆشی پێیە. دوکاندارەکە لەو بەری مێزەکەوە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو سەرقاڵی ڕۆژنامە خوێندنەوە بوو. شەوقی گڵۆپی کارەباکە چاوەکانی کوڕەکەی بەشەوارە خست. بێ

دەنگی نێو دوکانەکە ناچاری کرد ئەم جارەیان لە سەرەخۆتر قسەکەی دووپاتە بکاتەوە. ئەم بووکەڵەیە دەفرۆشم. دوکاندارەکە سەری لەسەر ڕۆژنامەکە هەڵگرت و بە لە سەرەخۆییەوە گوتی: «نامەوێ. برۆ دەرەوەو دەرگاکەش داخە.» چاوی کوڕەکە بەسەر ئەو تەبەقە نانەی لەبەردەم کابراکەدا دانرابوو. شووشەیەکیش پڕ لیتەی لە پەنادا دانرابوو خزی و پاشەوپاش کشایەوە و چووە دەرێ و دەرگاکەی پێوەدا. لە سەر شەقامەکە ژنێکی قەڵەوی دیت وەروەرەیەکی بە دەستەوە بوو بەفری دەماڵی، لێی چووە پێشێ و گوتی: «دادە ئەو بووکەڵەیەم دەفرۆشم» ژنەکە بەسەریدا قیژاندی «ون بە لەبەرچاوم لەوانەبوو بخزێم، بەم نیوە شەوە کێ بووکەڵە دەکڕێت؟ کوڕەکە هەندێک کشایەوە دواوە و شان بە شانی کەوتە ڕێ و چاوی بڕییە چاوی ژنەکەو گوتی: «دادە لێم بکڕە، هەرزانە، چەندت پێ خۆشە ئەوەندەم بدەیە، دەخەوێ، هەڵدەستێ، قسەش دەکات».

کوڕەکە بە پەلە سەر سنگی بووکەڵەکەی ڕێک گوشی، ئەم جارە نەیگوت: «پاپا، ماما» کوڕەکە تەریق بووەوە و ژنەکەش لەشە قەڵەو و زەلامەکەی بەکێش کرد و دوورکەوتەوە. چاوەکانی لەسەر ژنەکەوە گوازتەوە بۆ سەرو ڕوخساری بووکەڵەکە، پاشان توندکێشای بەسەر سنگی بووکەڵەکەدا، ئەم جارەیان بووکەڵەکە یەک بە خۆی هاواری کرد. «پاپا، ماما».

کردییە قەڵاندۆشی و بە هەزار زەحمەت بەفرە لیتەکانی سەرشەقامەکەی لە ژێرپێیەکانیدا دەفلیقاندەوە و بەرەو ئەو بەری شەقامەکە بەڕێ کەوت. بووکەڵەکەی نابووە سەر ملی و لاقەکانی بە دەستە سڕ و ساردەکانی گرتبوو و بەردەوام هاواری دەکرد. «ئەو بووکەڵەیەم دەفرۆشم» کێژۆڵەی شای پەرییەکانە، دەخەوێ، بەخەبەردێ، قسە دەکا، وەرە بۆ ئەو بووکەڵە، بووکەڵەی فرۆشیم پێیە.»

دەنگی خۆی بۆ گوێچکەکانی نامۆبوون. خۆی و بووکەڵەکەی وەک شەق شەقە دەلەرزین، بەفر وەک سەلکە چۆلەکە دادەباری تەپو مژی سوورباوی دەمەو ئێوارە بەسەر شاردا دەڕژا و مرۆڤەکان هێڵی ڕەشیان بەسەر شەقامەکەدا دەهێنا. هاواری لاواز و بێ هێزی. «ئەو بووکەڵە دەفرۆشم» لە دەمیەوە هەڵدەڕژاو لە بەرپێیدا لە نێو بەفرەکەدا دەتوایەوە. لاقەکانی بەزۆری لە نێو بارستایی بەفرەکە دەهێنایە دەرێ و هەر هەنگاوێکی هەڵی دەهێناوە، بە ئاسانی لە بەفرەکە ڕۆدەچوو بە زۆرێش بۆی دەهاتەوە دەرێ.

بەرەو لای دیوارێک خۆشی و هەر گەیشتە پەنای پشتی لێ توند کرد. لاقەکانی بە بێ ئیزنی ئەو چەمانەوە و لەسەر عەرزەکە دایانا. بووکەڵەکە لە پەنای دەستییەوە کەوتە سەر عەرزەکە و دەستی بۆ نەبرد. چنگەکانی لە بەفرەکە داگرت و تۆپەڵێکی هەڵگرت و قەپاڵی پێدا کرد و چاوی و برێکی لێ قووت داو ئەوەی دیکەی تف کردەوە سەر عەرزەکە، ئیتر نەیتوانی دەستەسڕەکانی بنێتە بن هەنگڵی. چاوەکانی لە ڕەشەوە هاتن و نەشتەری سەرمایەکی تازە لە دەمار و جەستەی ڕۆچوو. دەستەکانی وەک پەتک کەوتنە سەر عەرزە سڕەکە. لە هەناوییەوە جەستەی سارد دەبووەوە و ئارام ئارام لێدانی دڵی خاودەبووەوە. پێڵووەکانی قورس بووبوون. هەوڵی دەدا سەری بەسەر جەستەیەوە ڕاست ڕاگری، بەڵام ئەوەندە قورس بووبوو، جەستەی بۆی ڕانەدەگیرا. لەرزێکی توندو لەناکاو هەموو لەشی داگرت و کەف و لیک بەلا لەغاوەیدا شۆڵاوگەی بەست.

بەیانی داهاتووش بەردەوام هەر بەفر دەباری. سەیارە فێ گرتووەکان، هێڵی ڕەش و قوڕاویان بەسەر شەقامەکاندا دەکێشاو دەنگی هۆڕی ماتۆڕەکانیان بێدەنگی شەقامەکەیان هەڵدەدڕی. شەبەقی نیوە گیان و مردەلۆخی بەیانی گاڵتە بەو گلۆپانەی سەر شەقام دەکرد کە هێشتا هەر دەسووتان.

لە پەنای دیوارەکەدا کۆمەڵێک مرۆڤ لە دەوری شتێک کۆبووبوونەوە، کوڕێک لە پاڵیدا قینچکەی کردبوو، بەفر هەموو گیانی داپۆشیبوو، هەندێک قەرەپووڵ لەسەر بەفرەکە لەم لاو لەو لای کەوتبوون و بووکەڵەیەکی سپی پۆشیش کە رووخساری پڕ بوو لە پێکەنین لە پەنایەوە ڕاکشا بوو، خەڵکەکە ڕاوەستا بوون و سەیریان دەکرد.

**سەرچاوە:**

**روز اول قبر، سادق چوبەک (۱۳۷۷-۱۲۵۹)، تاران-نشر جامە داران ۱۳۸٤.**